# بانگەوازێك لە ماكسیەوە بۆ سەرۆكی سوریا بەشار ئەلئەسەد

د. جەواد مەلا

2010-8-31

لە نێوان 27 – 7 تا 7 – 8 – 2010 لەگەڵ خێزانەكەم سەردانێكی شاری براتسلاڤا ی پایتەختی كۆماری سلۆڤاكیامان كرد و میواندارەكەمان خانم سوزان بوو كە دەستەخوشكی خێزانەكەمە. كۆماری سلۆڤاكیا لە كۆماری چیك جیابووەوە و سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. لە شەستەكاندا سەرۆكی ناوداری سلۆڤاكی دۆبژیك سەركۆماری چیكۆسلۆڤاكیا بوو و لە ساڵی 1968 دۆبژیك داوای چاككاری و هەندێ مافی گەلی سلۆڤاكی دەكرد بەڵام سوپا دژی ئەو چاككارییە بوو و بزووتنەوە چاككاری و دیموكراتیەكەیان داپلۆسان و لە فەرمانڕەوایی لابرا و بۆ ساڵانی زۆر خرایە ژێر ماڵبەندییەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئەو چاككارییانە هاتوونەتەدی و گەلی سلۆڤاكیای دۆبژیك سەربەخۆیە و كۆماری سلۆڤاكی خۆیان هەیە و پاش دارمانی رژێمی كۆمۆنیستی لەژێر چەوسانەوەی چیكەكان رزگاریانبوە. داواكارم لە خوای گەورە كە هەموو رژێمە دیكتاتۆریەكانی لەوشێوەیە بڕمێن و هەموو گەلێكی چەوساوە سەربەخۆیی لەدەستدراوی خۆی هەبێت و ئەمەش شتێك نیە كە لەتوانای خوای گەورەدا نەبێت چونكە ئەو هەر شتێكی بوێت دەیكات. یەكێتی سۆڤیەت و وڵاتانی لاگەری كۆمۆنیزم لە هەموو ئەو دیكتاتۆریەتانە زۆر بەهێزتربوون كە ئێمە دوعایان دژ دەكەین و كار بۆ رووخاندنیان دەكەین.

لە سلۆڤاكیا خەڵكی زۆرم دی و سەبارەت زۆر بابەتەوە گفتوگۆم لەگەڵ كردن، لەوانە جیاوازی نێوان ژیان لە زەمانی كۆمۆنیزم و زەمانی دیموكراسی بوو، روانگە و بیروڕای جیاواز و جۆراوجۆر لەم بارەیەوە هەبوون، هەبوو دەیگوت هەر رژێمێك چاكە و خراپەی خۆی هەبوو. لەناو زبانی سلاڤیشدا زۆر وشە و واتام دەبینی كە نزیك بوون لە زمانی كوردیەوە بۆ نموونە وشەی بەران لە هەردوو زمانەكەدا بێ زیاد و كەم وەك یەكن، چەندین دێهات و ئاسكە كێویم بینی كە لە دارستانی سروشتیدا رەویاندەكرد و بەراز و كەروێشكی ماڵی و چەندین دیمەنی جوانم دی كە جگە لە فلیمی سینەمادا پێشتر نەمدیبوون... لەوانەش جارێك چووین بۆ دەریاچەییێك لە دێهاتی سلۆڤاكی و راوەماسیمان بە قولاپ گرد.. كە لەراستیدا ئەزموونێكی نایاب بوو، بەڵام لەهەمووشتێك زیاتر لەوەی كە لە براتسلاڤای پایەتەختدا دیم و تووشی هاتم و سەرنجی راكێشام و خۆشەویستی خستە دڵمەوە بێ هیچ گومانێك "ماكسی" بوو...

ماكسی ژیانێكی پڕكامەرانی لە ماڵێكی گەورە و بەرینی چەند نهۆمدا دەباتە سەر كە تیایدا بە هەموو نهۆم و ژوورەكاندا بە ئارەزووی خۆی دەگەڕێ و لە هەمووشیاندا گشت ئەندامانی خێزانەكە پێشوازییەكی هێجگار گەرموگوڕی لەگەڵ دەكەن كە لەسەرەتادا بە سەلام و بەخێرهاتنی ئاسایی دەست پێدەكات و دواییش بە ماچ و موچ و باوەشێكی وا دوایی دێت كە لەوانەیە لە خۆشەویستی رۆمیۆ و جولێت زیاتر بێت و زۆر كەم منداڵێكی كوردیش لە هەرێمی كوردستانی ئازاد و فدراڵیدا بەدیدەكەن چجای بەشەكانی دی كوردستان كە لەژێر داگیركاری و كارەساتدا دەژین و بەرەو نەمان دەڕۆن، ئەگەر لەدەست جەلادەكانی نەوەی هۆلاكۆ و حەجاج خوا نەیانهێڵێت، رزگار نەكرێن. منیش بۆ ئەوەی ئارەزووی تێگەیشتن و زانینی خۆم هێمن بكەمەوە چوومە نزیك خانمی ماڵ و داوای هەندێك زانیاریم كرد سەبارەت بە ماكسی نازدار و جیۆرپی لەناو خێزان و كۆمەڵ ودەوڵتدا.

خانمی ماڵیش شوناسنامەكانی تایبەتی ماكسی بۆ هێنام كە شوناسنامەی كەسایەتی خۆی تێدا بوو بە وێنەی خۆی و ناو و رەگەز و ئەو رەسەنەوە كە لێیەوە هاتوە... هەروەها بەڵگەنامەییێك كە هەموو ئەو زانیاریانەی تێدایە لەگەڵ چەندین مۆری بەڵگە لەسەر ئەوەی كە ماكسی چەندین شرینقەی دژی نەخۆشی ساری و ناساری لێدراوە تاكو ژیانی پڕ ناز و كامەرانی و سەربەرزی خۆی بباتە سەر، خانمی ماڵ وتیشی كە ژیانی ماكسی و ئاستی دەرامەتی هەرگیز نەگۆڕاوە و هەمان ژیانی پێش زمانی دەسەڵاتی كۆمۆنیستی و پاش ئەوەش هەبوە.

پاش ناسینی ماكسی و زانینی جێگەی مەزنی لە مێژوو و بنەڕەتی رەسەنی!! ... ئێستا و ئاییندەی كامەرانی یەكێك لە دانیشتوانی سلۆڤاكیا بەتایبەتی و ئەوروپا بەگشتی، بەڕێزەوە چوومە بەردەمی جەنابی و سكالا و درێژەی باری گەلی كوردم لە رۆژاوای كوردستان بۆ باسكرد كە چۆن لەژێر داگیركردنی سوریادا دەژین و دوچاری بەعەرەبكردن و ئاوارەیی و وەلاوەنانی كولتور و كوشتنی سەر جادە و ژێر ئەشكە نجە دەبنەوە و هیچ مافێكی لەوانەی ماكسییان نیە، ماكسیش كلكە سپیەكەی كە هەمان ڕەنگی

تووکەکانیەتی، لەڤاند و ڕەزامەندی خۆی دەربڕی سەبارەت بە ئاراستەکردنی بانگنامەییەکی خێرا بۆ سەرۆکی سوریا بەشار ئەلئەسەد تاکو مۆڵەت بدات بە گەلی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان کە ڕەگەزنامەی سوری و هەمان ئەو مافانەی دییان هەبێت کە ئەو لە سلۆڤاکیادا هەیەتی، هەرچەندە کورد مافی تەواویشیان هەیە کە ڕەگەزنامەی کوردی خۆشیان هەبێت.

من لەخوای گەورە داواکارم کە سەرۆکی سوریا بەشار ئەلئەسەد بەهانای بانگنامەکەتەوە بێت، جەنابی ماکسی، هەرچەندە گومانم لەوەدا هەیە.. بەڵام کەسیش نازانێت لەوانەیە ماکسی لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بێت.




وێنەی ماکسی و شوناسنامەی کەسایەتی ومافی هاتووچۆ و نیشتەجێبوونی لە پایتەخت و هەموو شوێنێکی سەرسنوور





شوناسنامەی ماکسی و بەڵگەنامەی شرینقەی دژنەخۆشی

ماکسی بەشانازییەوە وەستاوە و دەڵێت: تەماشا کەن من ئەڵقەی میتاڵی خۆم لەملدایە کە ڕەچەڵەك ورەسەنی خۆمی لەسەر نوسراوە کەچی داخی گرانم نیو ملیۆن کورد نەگەیشتوونەتە ئاستی من و تەنانەت ئەوانی دیکەش کە ڕەگەزنامەی سوریان هەیە لێیان نووسراوە کە هەڵگرەکە عەرەبی سورییە! ئەمەش شتێکە من قبوڵی ناکەم چونکە من نامەوێ بمخەنە سەر کۆماری چیك لەبەر ئەوەی من سلۆڤاکیم و سەر بە کۆماری سلۆڤاکیای سەربەخۆم ئەمەش دەخوازم بۆ گەلی کوردی کوردستانی ڕۆژاوا کە سەربەخۆ بن لە سوریا و بە سەربەرزی وەکو من بژین.

لەوانەیە یەکێك بڵێت کە ئەم شیاندنە ناشێ بەڵام من بەشیاوی دەزانم و زیاتریش چونکە ئەو هەڵسوکەوتەی ڕژێمی سوری بەرامبەر گەلی کوردییان دەکەت لەهەموو سنورێك تێپەڕیون و سەگی جیهانیش وەك ( سەگ )ی سوریا نین.